# دوای کوشتنی (ڕەیان) ئەمریکیەکان وتیان: Sorry



ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 7 /5 /2007 لەگەڕەکی تەپە سەربازێکی ئەمریکی تەقە لە ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیەک دەکات ولەئاکامدا کچێکی تەمەن 8 ساڵ دەپێکی کە دوای گەیاندنی بەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدا .

سەبارەت بەڕووداوەکە سەرچاوەیەک بە (هەواڵ)ی ڕاگەیاند کە لە نزیک کۆمپانیای بەرهەمە نەوتیەکان لە گەڕەکی تەپە سەربازێکی سوپای ئەمریکا گوللەیەک ئاراستەی ئۆتۆمبێلی هاوڵاتی ئاراس عاسی حەلاق دەکات کە بێجگە لەخۆی هاوسەرەکەی وسێ منداڵەکەشی لەگەڵدا بوو وفیشەکەکەش بەر ناوچەوانی (ڕەیان)ی کچی دەکەوێت کە دوای گەیاندنی بەنەخۆشخانەی ئازادی بەهۆی هەستیاری شوێنی پێکانەکەو وکاریگەری زامەکەی پاش ماوەیەک گیان لەدەست دەدات .

سەرچاوەکە ئەوەشی ووت کە " ئەمریکیەکان دوای ڕووداوەکە چوونە بۆ نەخۆشخانەو داوایان کردووە (ڕەیان) ببەن تاوەکو لەنەخۆشخانەی خۆیان چارەسەری بکەن ، بەڵام پێش ئەوە گیان لەدەست دەدات " .

سەبارەت بە ڕووداوەکە باوکی (ڕەیان) بە هەواڵی ڕاگەیاند و وتی "سەربازە ئەمریکیەکان بە هیچ جۆرێک ئاگاداریان نەکردینەوە وبە خۆڕایی ئەو گوللەیەیان ئاراستەمان کرد، بەڵام لە ڕاپۆرتی خۆیاندا ڕاستیەکانیان چەواشە کردووە و وتوویانە کە

ئەوان – واتە سەربازە ئەمریکیەکان – گوایا پێشتر ئێمەیان ئاگادار کردووەتەوە و گوللەکەشیان ئاراستەی بۆنیتی ئۆتۆمبیلەکە کردووە ، بەڵام ئەمە زۆر دوورە لە راستیەوە و هەرکەسێک لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بکات بە ئاسانی بۆی ئاشکرا دەبێت کە قسەی سەربازەکان دوورە لە راستییەوە . چونکە بۆنیتی سەیارەکە شوێنەواری هیچ گوللەیەکی پێوە دیار نیە هەروەها رێرەوی فیشەکەکە راستەو خۆ لەجامی ئۆتۆمبیلەکەی داوە دواتر رەیانی پێکاوە "

مۆفەقی مامی(رەیان)یش وتی " زۆربەی تەلەفزیۆن و دەزگاکانی راگەیاندن ئامادە نەبوونە هەواڵەکە بڵاو بکەنەوە"

جێی باسە لەم دواییەدا کەرکوک چەندین رووداوی لەو جۆرەی بەخۆوە بینیووەو تاکو ئێستاش چەندین هاوڵاتی بێ تاوان بەدەستی سەربازە ئەمریکیەکان گیانیان لەدەستداوە ، لەبەرانبەردا تاکە وەڵامی ئەمریکیەکان بۆ ئەو جۆرە رووداوانە وشەی (Sorry) یە .

http://hewalnews.net/pages/babat35.htm

http://www.hewalnews.org/PDF/hewal/229/1.pdf